# له لاپەڕەی فەیسبووکی بەختیاری شەمەیی یەوە:

١

دەزگا هەواڵگیرییەکانمان: پاراستن و زانیاری:

ئەی هاوار ئێمەی کورد کەی فێری پێکەوە کارکردن و پێکەوە گونجان و پێکەوە ژیان دەبین!؟

سەبارە بە هەواڵی ئازادکردنی بارمتە گیراوەکان کە لە حەویجە لای داعش دەستبەسەر بوون، دەزگای زانیاری، دەزگای پاراستن بەدرۆدەخاتەوە و نووسیویانە:

(ئاگاداری بەپەلە

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاگادار ئەکەینەوە سەرلەبەری ڕاگەیەندراوەکەی پاراستنی پارتی بەناوی ئەنجومەنی ئاسایشەوە دوورە لەڕاستیەوە کەگوایە دەڵێن هیچ کوردێک لەناو ئازاد کراوەکاندا نییە هەموو لایەک ئاگادار ئەکەینەوە ئەوان لە دور و نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی ئەو ئۆپراسیۆنە نین تەنیا لەبەر بەژداری کردنی دەزگای دژە تیرۆر و هەواڵگری یەکێتی کە دەورێکی باڵایان هەبووە دەیانەوێت لێی کەم بکەنەوە).

زۆر بەداخەوە، ئێمەی کورد ئەمە دەزگا هەواڵگیرییەکانمان بن کە نەتوانن لەسەر راستیی رووداوی هەواڵێکی لەم بابەتە هاوهەڵوێست و هاوبیروباوەڕ و هاوکاربن، ئیتر لەسەر مەسەلە هەرە گرنگە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان، چۆن دەتوانن کۆك و تەبا و هاوکاربن.....!؟

٢

مژدەی ناوبەناوی دەوڵەتی کوردی:

٢٤ ساڵە ناوبەناو بانگاشەی سیاسیی تاکەکەسی و حیزبیی دروستکردن و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەبیستین، بەڵام ٢٤ ساڵە هەر لە چاوەروانیی (گۆدۆی دەوڵەتی کوردی)داین، خۆزگە لەبری ئەو بانگاشانە، لەماوەی ئەم ٢٤ ساڵەدا بمانتوانییایە، ٢٤ کارگەی بەرهەمهێنەر و ٢٤ کێڵگەی پێشکەوتووی کشتوکاڵی و ٢٤ بانکی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی و ٢٤ تیپی لەشکری یەکگرتووی نیشتمانی و ٢٤ هەزار مامۆستا و وەرگێر و دیپلۆماتکار و کۆمەڵناس و دەروونناس و هونەرمەندی پیشەکار و تەکنیککار و کادری دڵسۆز و پێشکەوتووی هەموو بوارە جۆربەجۆرە پیشەییەکانی ژیانمان دروست بکردنایە، ئەو کاتە ئەگەر باسی دەوڵەتیشمان نەکردایە، خۆ بنچینەیەکی مرۆیی و ئابووریی پتەومان بۆ دورستکردن و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی داڕشتبوو!؟

بەڵام بەداخەوە، دیسانەوە دەبێت پەندە کوردییەکەمان دووبارە بکەینەوە: (ئاش لە خەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێکی تردا)!؟

٣

جاش و باش، نان ئەو نانە، ئەمڕۆ لە خوانە:

لە کەسێکی حیزبیم پرسی: ئایا پێت ئاساییە ئەندامی حیزبێکیت کە ژمارەیەکی فرە زۆر کۆنە بەعسی و جاش و سەرجاش و موستەشار و ئەنفالچی، ئەو هەموو ناپاك و تاوانبارانە لەهەمان حیزبەکەی تۆدا، ئەندام و بەرپرس و سەرکردەن!؟

لە وەڵامدا، بە کەمێك تێکچوونی رەنگورووی دەموچاویەوە وتی: راستە وایە، نکوڵی لەم راستییە ناکرێت، بەڵام چار چییە، ئەو کەسە ناپاکانە لای سەرکردایەتیی حیزبەکان لە کەسانی پاك و دڵسۆز و تێکۆشەر، رێزلێگیراوتر و خۆشەویستر و لەپێشترن، چونکە بەهۆی رابووردووی خراپیانەوە، ملکەچی هەموو شتێکی حیزب و سەرکردایەتیی حیزبن، ناتوانن و بۆیان نییە نە گلەیی بکەن و نە رەخنە بگرن و نە نافەرمانی بکەن، جگە لەمەش ئەمڕۆ بەهۆی ململانێی حیزبایەتییەوە، پێشبرکێ و ململانێی ژمارە و جەماوەر زۆرییە، ئیتر ئەو ژمارە و جەماوەرە، هەرچی بووبن و هەر رابووردوویەکیان هەبووبێت، ئێستا ئەوە تێناخوێندرێتەوە، ژمارە

گرنگە، واتە، نان ئەو نانە ئەمڕۆ لە خوانە!؟ ئەمە کێشە سەرەکییەکە و سەرەنجامی حیزبایەتی کردنی حیزبەکانمانە!؟

حیزبایەتی و بەرژەوەندیی تایبەتی، پێش نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری خراوە، ئیتر هەر ئەوە سەرەنجامەکەی دەبێت کە ئەمڕۆ پێیانەوە گرفتار بووین!؟

٤

دەسەڵاتی بێ بەرهەڵست:

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا هێز و لایەنێکی سەربازی یان رامیاری بوونی نییە کە بەرهەڵست و بەرهەڵستکاری دەسەڵات بێت. ئەمە بۆ کۆمەڵگە خراپ و ترسناکە و بۆ دەسەڵاتیش دەرفەتێکی لەبارە کە روو لە دیکتاتۆرێتی بکات و هەرچی دەسەڵاتداران خۆیان بیانەوێت بیڵێن و بینووسن و ئەنجامی بدەن، ئەم رەوشەی کە ئێستا باڵادەستە، ئەگەر هەروا بەردەوام بێت، کەواتە ئێمەی کوردانی باشوور، هەمان ئەزموونەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ستەمکارەکانی ناوچەکە دووبارە دەکەینەوە!؟

٥

ناوی حیزب و هونەرمەندەکە پێویست ناکات:

ئەمەیە لۆژیکی حیزب و حیزبایەتیی کوردی!؟

هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ ئێمەدا بوویت، هونەرمەند بوویت و کوردپەروەروەر بوویت و دەنگت خۆش بوویت، کە لەگەڵ ئێمەدا نەمایت، نە هونەرمەندیت و نە کوردپەروەرەیت و نە دەنگ خۆشیت!؟

چ لۆژیکێکە، چ رێزێکە بۆ هونەر و بۆ هونەرمەندی؟

٦

بەمای چی بووین و دووچاری چی کراین:

لەم سەدەی ٢١ هەمینەی مرۆڤایەتییە هەرە پێشکەوتووەدا، هەموو بە تەما و بە هیوا بووین، لەم دەرفەتە مێژوویی و زێرینەی ئازادی و خۆبەڕێوەبەریەماندا، ببین بە نموونەیەکی رێزلێگیراوی لەندەن و پاریس و بەرلین و ئەمستەردام و مەدرید و تۆکیۆ و بەیجین و شانگەهای و نیو یۆرك و سیدنی و تۆرۆنتۆ و ....هتد.... کەچی زۆر بەداخەوە، سەرکردایەتی ناهۆشیار و کورتبینی کورد، مژدەی بە دوبەی بوونی پایتەختی باشووری کوردستانیان بە گوێماندا دا!؟ هەر وەکو دوبەی عەرەبی، وڵاتێکی شارستانی و کۆمەڵگەیەکی خاوەن هزرێکی پێشکەوتووی سەردەمیانە بێت و مافی مرۆڤایەتی و مافە رەواکانی کچان و ژنان و ئازادیی بیروباوەڕ و مافە دیمۆکراتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەی تێدا رەچاو کراو و پێڕەو کراو بێت١؟

چ کارەساتێکە و دووچاری چ کارەساتێك کراوین!؟

٧

بێ ناو زڕاندن:

هەموو پارتەکانی باشووری کوردستان، بێ جیاوازی، ژمارەیەکی زۆر نووسەر و رۆژنامەنووس و چاودێر و چالاکوان و وتەبێژی بندیوار و دەمەوەری خۆمەڵاسداوی تایبەت بە خۆیانیان راگرتووە بۆ کاتی پێویست، ئەوەی کە پارتەکان خۆیان، ناتوانن یان نابێت بیڵێن و بینووسن، بەو لەشکرە خۆمەڵاسداوەیان ئەنجام دەدەن، جا ئێستا رۆژ رۆژی ئەوانە، ئیتر پلەوپایە و پارە و زەوی و بەخشیشیش، مسۆگەرە و لەسەر پارتەکان!؟ چ کارەساتێکە!؟

٨

بەڵای ئازادی و دیمۆکراسی:

بە ئەزموونی ئەم ٢٤ ساڵەی ئازادی و خۆبەڕیوەبردن و نیمچە سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئەو راستییە باشتر ئاشکرا بوو کە سیستمی ئازادی و دیمۆکراسیی رەها (بێ کۆنترۆڵ)، بەکەڵکی نەتەوەی بێ دەوڵەت نایەت و لە دوا ئەنجامدا لێی دەبێت بە بەڵا و بەزیانی میللەت دەشکێتەوە.

هەمووومان بەرهەمی ئەم ئازادی و دیمۆکراسییەی ئەم ٢٤ ساڵەمان بەچاوی خۆمان بینی کە بووتە هۆکاری چەندین دیاردەی خراپ و نەشیاو و نەخوازراو کە هەر لە بەیان کردن نایەن، هەر بەهۆی ئەو ئازادی و دیمۆکراسییە خراپ و زیانبەخشەوە، لەشکرێك داعش و بیرداعشی ناوخۆ سەریانهەڵداوە و رەوتێکی هاوردەکراوی ئیسلامیی سیاسیی ئیخوانچی و سەلەفی و سەلەفیی جیهادی و وەهابی و تەعریبچی بە هەموو شێوە و شێوازێك خەریکی گەوجاندن و شێواندن و بەعەرەبکردنی کورد و بە پاشکۆکردنی کوردستانن!؟

دەبێت بیر لە چارەسەر و رێگەچارەیەك بکرێتەوە، بیر لە پێرەوکردنی سیستمێکی گونجاو و سوودبەخش بکرێتەوە و کۆمەڵگەکەمان لە گەوجاندن و شێواندن و ئاژاوەگێری و خوێنەویستی و بێگانەپەرستی رزگار بکەین و بە بەرنامە و پەروەردە و فێرکاریی پێشکەوتووانە و سەردەمییانە، هەست و هۆش و گیانی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و ئاشتیخوازی و رێز و خۆشەویستیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان بژێنینەوە. ئەمە هەر ئەرك و فەرمانی حیزبە کوردییەکان و دەسەڵاتی کوردی نییە، بەڵکو ئەرك و فەرمانی سەرشانی هەموو کورد و کوردستانییەکی دڵسۆز و تێکۆشەریشە.

٩

هەیاسە، لە دیوەخان چ باسە!؟

- دەی با ئاماژەیەکیشت بە هەژارەکان و کرێچییەکان و بێکارەکان و منداڵە بۆیاخچی و دەستگێرفرۆشەکان و لاوە نائومێد و سەریخۆهەڵگرتووەکانی وڵاتیش بدایە!؟

- بێ ناوهێنان، چونکە مەبەستەکە شکاندن و ناوزراندنی هیچ کەسێك نییە، باسەکە لە نایاسایی و نادادپەروەری و بێویژدانیدایە.

- سەیری گرتەیەکی ڤیدیۆیی بەناو نووسەر و رۆشنبیرێکی خزمەتکاری دەربارم کرد، ئەمە کورتەیەکی فەرمایشتەکانی بوو:

(کوردستان زۆر گۆرانکاریی باشی بەخۆیەوە بینیوە، لە هەموو روویەکەوە زۆر پێشکەوتووە، هەر بێگانەیەك سەردانی کوردستان دەکات، بە گۆرانکاری و پێشکەوتنەکانی کوردستان سەرسام دەبێت، سەیری ئەو هەموو سوپەرمارکێت و مۆڵە گەورانە بکەن، سەیری ئەو هەموو باڵەخانە بەرز و هۆتێلە پێنج ئەستێرەییانە بکەن، سەیری ئەو هەموو تەکنەلۆژیا باڵایانە بکەن کە هێنراونەتە کوردستانەوە، سەیری ئەو هەموو ئۆتۆمبێلە مۆدێل بەرزانە بکەن، سەیری گوندی پێشکەوتوو و جوانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیتاڵی و .....هتد..... بکەن.....) ئێمەیش دەڵێین: بەڵێ راستە ئەم فەرمایشتانە هەموویان راستن، بەڵام با بپرسین: ئەو هۆتێل و سوپەرمارکێت و مۆڵە گەورە و پێشکەوتووانە هی کێن و بۆ کێن!؟ ئایا نرخ و بابەت و شتومەکەکانیان بۆ خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتە دەست دەدات تا بتوانن بیانکڕن، شایانی باسە لەسایەی پاشاگەردانیی بازاڕی بەناو ئازادەوە، هیچ کەلوپەلێکی باش و جوان بۆ هەژاران نییە، هەژاران ئەگەر سەردانی ئەو سوپەرمارکێت و مۆڵانەش بکەن، بە سکی برسی و دەستی بەتاڵ و نائومێدییەوە دێنە دەرەوە. ئەو مۆڵانە بۆ دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکانە، هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی بۆ بەزمورەزم و رابووراردنی شەوان و بۆ میوانە بەڕێزەکان و بۆ کۆمپانیادارە هاوبەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداران و دەسەڵات و حیزب و بەرپرسە حیزبییەکانە، ئەو گوندە پێشکەوتوو و گرانبەهایانە بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەمەندان و سەرمایەدارەکان و دەسەڵاتداران و ئەندام پەرلەمان و کادرە باڵاکان و بەرپرسانی حیزبەکانە بۆ خۆجیاکردنەوە و داپرانیانە لە هەژاران و رەشوروتی میللەت!؟

ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە هەر بۆ خۆتانە و هەر بۆ خزمەتی خۆتانە، بە هەژارانی میللەت و بە کرێچییەکان و بە منداڵە بۆیاخچی و دەستگێڕفرۆشەکان و بە لاوە بێکار و بێپارە و نائومێدەکان چی!؟

١٠

ڕۆژگارێکی سەیر و سەمەرە تێکەوتووین!؟

:)لە وەڵامی چەند ڕۆبۆتێکی سیاسی و چەند کۆیلەیەکی حیزبیدا(

ئەگەر کوردێکی و پاك و دڵسۆز، ڕەخنەیەکی دڵسۆزانە و خەمخۆرانە و دروستکارانە لە هەڵە و کەموکورییەکان یان لە گەندەڵکاری و تاڵانچێتی و تاوانەکانی چەندین لە دەسەڵاتدارانی دەسەڵات و بەرپرسانی حیزبی بگرێت، هەموو ئاسایش و دەزگاکانی زانیاری و پاراستن و ڕاگەیاندنەکانی پێوە سەرگەرم دەکەن، بەڵام بەرامبەر بە ڕابووردووی ناپاکەکان، لە ئەنفالچییەکان و کۆنە بەعسی و جاش و سەرجاش و موستەشارەکان و بەرامبەر بە ڕەوتی ئیخوانچێتی و سەلەفیزم و وەهابیزم و جیهادیزم و تەعریبچێتی و گشت تاوانەکانی دیکەی مەلا و بانگخواز و ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، بێ دەنگ و بێ هەڵوێست و کەڕ و لاڵ و کوێرن!؟

١١

سیاسەت، زانستی کۆمەڵایەتی و هونەری فەرمانڕەوایی و دەوڵەتداری و میللەت بەڕێوەبردنە:

پاش ٢٤ ساڵ ئازادی و خۆبەڕێوەوەبردن، سەرەنجامی سیاسەت کردنی سیاسەتپیشەکانی باشووری کوردستان وەك وتەی ئەو شێتەی لێهات کە دەیگووت: لە شتێک تێناگەم، ئەو شتەش نازانم چییە!؟

ئێستا ئێمەی کوردی باشوور کەوتووینەتە بارودۆخێکی وا کارەساتاوی و نەخوازراوەوە کە دەبێت بە پەشیمانییەوە، بڵێین: لە گرنگترین هەل و دەرفەتی مێژوویی زێڕینماندا، لە ماوەی ٢٤ ساڵ ئازادی و خۆبەڕیوەبردنماندا، بە داهات و بوودجەیەکی تۆکمەی سەدان ملیارد دۆلارییەوە، بە دەیان حیزبی سیاسی و سەرکردە و سەرکردایەتییەوە، نە یاسامان سەروەر کرد، نە دادپەروەریمان پێرەو و جێبەجێکرد، نە لەشکری یەکگرتووی نیشتمانیمان دروستکرد، نە توانیمان ببینە خاوەنی بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازیی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان، نە توانیمان سیستمی سیاسی و ئابووری و بانکی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین، نە بووینە خاوەنی سیستمی پەروەردەیی و فێرکاریی پێشکەوتووانە و تەندروستییانەی سەردەمییانە، نە ئازادی بیروباوەڕمان پاراست، نە میللەت ئازاد و سەرفراز و گۆشگوزەران بوو، نە بنچینەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بۆ داهاتوومان داڕشت، تەنها توانیمان پێچەوانەکەی هەموو ئەو شتانە جێبەجێ بکەین!؟

کارەساتەکانیشمان هەر بەردەوامن، ئێستایش هەر لە بازنەی داخراوی بێ پلانی و بێ بەرنامەیی و بێ ڕێگەچارەییدا دەخولێینەوە!؟

١٢

کە یاسا سەروەر نەبوو، کۆمەڵگە دەبێت بە جەنگەڵستان:

٢٤ ساڵە هەموو دڵسۆزانی کورد و کوردایەتی، پێشمەرگەکان، مامۆستایان، خوێندکاران، نووسەران، ڕۆشنبیران، کۆمەڵناسان، دەروونناسان، دادوەران و مافپەروەران، هونەرمەندان، ئاسایش و پۆلیسەکان، کاسبکاران، پیشەوەران، هەموو میللەت.....هتد ، هاوار لە سەرکردە و سەرکردایەتیی حیزبەکان و لە دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی دەسەڵاتی کوردی دەکەن و دەڵێن: بە بیرکرنەوەی شاخ شار بەڕێوەمەبەن، با یاسا سەروەر بێت، با هەر کەس لە شوێنی شیاوی خۆیدا بێت، با دادگە و داوەر و مافپەروەران و پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش،

دەسەڵاتی یاساییان هەبێت و سەربەخۆ و بێلایەن بن، با سەربە حیزب و بەرپرسەکان نەبن، کەچی نە گوێیەك هەبوو، ببیستێ و نە وەڵامێك لە هیچ سەرکردە و سەرکردایەتی و لایەنێکی پێوەندیدار بیسترایەوە!؟

ئێستایش کات ماوە و بەخۆتاندا بچنەوە و دڵی میللەت چاك بکەنەوە، مافە ڕەواکانی میللەت بگێڕنەوە بۆیان، یاسا و داد و دادپەروەری جێبەجێ بکەن.... داهاتوومان لەبەردەمدا ماوە!؟

١٣

لای خۆیان پێشبڕکێ و شانازی و بۆ میللەت بەشمەینەتی و شەرمەزاری:

کەمترین ژمارەی پاسەوان و ئێشکگر و شۆفێر و خزمەتکار و سیخوڕی بەرپرسەکان، ٢٥ دانەیە و زۆرترینیش دەگاتە لە هەزار زۆرتر!؟

٢٤ ساڵە بەردەوام بە لەشکرێکی گەورەی پاسەوان و ئێشکگری چەکدار و شۆفێر و سیخوڕوە ، بە کەڵەگایی خۆتان لەناو میللەتێکی هەژار و ڕەشوڕووت و برسیدا هێشتووەتەوە، لەناو خۆیشتاندا لە پێشبڕکێدان و شانازی بەوەوە دەکەن کە کامنتان زۆرترین پارە و سەرمایە و زۆرترین ژمارەی پاسەوان و ئێشکگر و شۆفێر و خزمەتکار و سیخوڕ و زۆرترین و باشترین کوشك و تەلار و باخچە و ڤێللای هەیە. شایانی باسە، تەنها بە خەرجی ئەم ٢٤ ساڵەی پاسەوان و ئێشکگر و شۆفێر و خزمەتکار و سیخوڕەکانتان، دیاردەی هەژاری و برسێتی و کرێچیتی و بێکاری لە ناو کۆمەڵگەکەماندا نەدەما، زۆر سەیروسەمەرەیە، بەم ڕابووردووەتانەوە دەشتانەوێت میللەت پرواتان پێبکەن و ڕێزتان بگرن و خۆشیانبوێن!؟

ئاش لە خەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك.

١٤

ئێستا کاتی ئەوەیە کە داوای لێبووردن لەو میللەتە هەژار و دڵسۆزە بکەن کە ماوەی ٢٤ ساڵە سامان و داهات و بوودجەکەیانتان خواردووە و ستەمکارییشتان بەرامبەر کردوون:

حیزبەکان و بەرپرسەکان، دەسەڵات و دەسەڵاتداران، ٢٤ ساڵە بە بیرکردنەوەی شاخ، شاریان بەڕێوەبردووە، هەربۆیە ئەمە سەرەنجامەکەیەتی کە ئەمڕۆ دەیبینین. بۆ خۆتان و بۆ میللەتیش واباشترە، یان داوای لێبووردن لە میللەت بکەن و مافە خوراوەکانیان بۆ بگێڕنەوە و لاپەڕەیەکی نوێیان لەگەڵدا هەڵبدەنەوە (ئەگەر میللەت خۆی بەمە ڕازی بێت)، یان وازبێنن و چۆڵی کەن بۆ نەوەیەکیتر و بیرکردنەوە و شێوازێکی باش و باشتر. تازە، چ باش و چ خراپ، کوڕوکاڵان و کچوکاڵانی میللەتتان ناچاری بەردهاویشتن و بارەگا سووتاندن و ئاژاوەگێڕی و وێرانکاری کرد، ئەگەرچی بەهۆی ئەوەوەی کە کاردانەوەکان، بوودجەبڕان و نانبڕانی تێکەوت، هەموو شتێك کۆتایی هات، بەڵام وەك دەڵێن: ئەم بایە لەم کونەوە بێت، ناو بە ناو، ئەم دیاردانە هەر سەرهەڵدەدەنەوە و ئیتر ئێوە ناتوانن وەکو ڕابووردوو بۆتان بچێتەسەر و بە ئاشتی و بە ئارامی بیخۆن و ژیان بگوزەرێنن.... باشترە بەڕابووردووتان بچنەوە و شارستانییانە بیربکەنەوە و ڕێگەچارەی باش و کردەنی بۆ خۆتان و بۆ میللەت بدۆزنەوە!؟

بەرەو ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیان و چاکسازی و چارەسەرسازی.

١٥

کارەساتی خۆماڵی:

زۆر بەداخەوە، هەر بەرەو دواوە هەنگاو دەنێین، لە چاوەڕوانیی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییەوە، هاتووینەتەسەر ئەوەی کە بنووسین: نا بۆ شەڕی خۆکوژی و براکوژی، نا بۆ دوو بەرەکی و دوو دەسەڵاتی!؟

تۆ بڵێی بتوانین و فێربین، پەند و وانەیەك لەم ئەزموونە تاڵانەشمان وەربگین!؟

١٦

هیچ خەمتان نەبێت، ڕێکدەکەونەوە و ئاشتیشدەبنەوە!؟

لە ساڵی ١٩٦٤ وە، بەردەوام هەردوو لایەنی جەلالی و مەلایی دژی یەکتر گوتاردەدەن و لاپەڕە دژی یەکتر ڕەشدەکەنەوە و ڕۆڵەی هەژارانی کورد بە دەستی یەکتری بەکوشت دەدەن، سەرەنجامیش وەکو پیشەی هەمیشەییان، سەرکردە و سەرکردایەتییەکان لەگەڵ یەکتریدا دانیشتوون و دانیشتوونەتەوە و دادەنیشنەوە و ڕێککەوتون و ڕێککەوتوونەتەوە و ڕێکدەکەونەوە و دیسانەوە ئاشتدەبنەوە و وەک دەڵێن: هەر وەکو نەبایان بینیبێت و نەباران!؟

لەناو ئەم مێژووە ڕەشەدا ئەوانەی کە زەرمەند بوون، هەر ڕۆڵەی هەژاران و هەژارانی میللەت بوون. ئێستایش هەر هەمان مێژوو دووبارە دەکەنەوە و کۆمەڵێك لاوی خوێنگەرم و دڵسۆز و بێئەزموون بەیەکتری بەکوشت دەدەنەوە و پاشان دیسان دادەنیشنەوە و ئاشتدەبنەوە و ئەمە هەر وا بووە و هەر وا دووبارە و چەندین بارە بووەتەوە و دەبێتەوە، ئیتر ئێمەی میللەت بۆچی پەند و وانە لەو هەموو ئەزموون و مێژووە ڕەشە وەرناگرین، ئەی کەی فێردەبین و تێدەگەین کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە پێویست و گرنگەکانمان لەگەڵ یەکدیدا تێکنەدەین و نەیانشێوێنین بەسەر یەکدا!؟ کەی فێردەبین و تێدەگەین کە نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری، پێش حیزبایەتی و سیاسەتکردن بخەینەوە!؟

١٧

تکایە حیزبایەتی و سیاسەتکردن ، لەگەڵ هاوڕێیەتی و دۆستایەتی، تێکەڵکی یەکتر مەکەن:

تکایە هاوڕێیانی بەڕێز و خۆشەویست، دڵی یەکتر لەسەر ئەم حیزب و سەرکردانە، مەئێشێنن، ئەوان وەك پیشەی هەمیشەییان ، دواجار لەگەڵ یەکتردا دادەنیشنەوە و ئاشتدەبنەوە، پەشیمانی و زەرەرمەندیش بۆ لایەنگرەکانیان دەمێنێتەوە!؟

١٨

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پارتە ڕامیارییەکانمان، سوود لە ئەزموونەکانی ڕابووردوو وەربگرن:

بارەگا و بنکە حیزبییەکانتان کەمبکەنەوە و بیانبەنە دەرەوەی گەڕەکەکان، یان دەرەوەی شار و شارۆچکەکانەوە.

ئەگەر یاسا سەروەر بێت و پۆلیس و ئاسایش و دادگە و دادوەر هەبن و دەسەڵاتی یاساییان هەبێت، ئیتر ئەو هەموو بارەگا و بنکە حیزبییانە بۆچی هەبن!؟

هەر لەسەرەتای هاتنەوەی پارتەکان بۆ ناو شار و شارۆچکەکان، کەسانێکی دڵسۆز و ژیرمەند و دووربین هەبوون کە ئامۆژگاریی پارتە کوردییەکانیان دەکرد کە بوونی ئەو هەموو بارەگا و بنکە حیزبییانە لە شار و شارۆچکەکاندا هەڵەیەکی گەورەی سیاسییە و لە هەمانکاتدا بارگرانییەکی زۆریشە بەسەر بوودجەی حیزب و میللەتەکەوە، بەڵام بەداخەوە وەك پیشەی هەمیشەییان گوێیان لە کەس نەگرت، ئێستایش هەر ناتوانن یان فێرنەبوون گوێبیستی دڵسۆزانی کوردایەتی بن، خۆیان چییان پێخۆش و باش بێت کە لە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا بێت، هەر ئەوە دەڵێن و هەر ئەوە دەنووسن و هەر ئەوە دەکەن، دەی ئەمە سەرەنجامەکەیەتی کە ئێستا هەمووان بەچاوی خۆمان دەیبینین!؟

١٩

ئێمە چ جۆرە میللەتێکین!؟

چۆن وا زوو، ژێرکەوتن و تێکشکانەکان و کارەساتەکانی رابووردوومانمان بیرچوونەوە، چۆن وا زوو هەرەس و هەڵەبجە و کۆچڕەو و ئەنفال و شەنگال و نەژادکوژیی ئێزییەکانمان بیرچوونەوە!؟

بیرمان نەچێتەوە، دەوڵەتە داگیرکەر و دوژمنەکانمان هەر ماون و هەر بەهێزن و هەر دوژمنی خوێنەخۆرمانن!؟

بیرمان نەچێتەوە کە میللەتێکی ژێردەستە و نیشتمانداگیرکراو و دابەشکراو و بێ ئازادی و بێ دەوڵەتین!؟

بیرمان نەچێتەوە، داعش و ئیسلامییە سیاسییەکان، داعشە ناوخۆییەکان، هەر ماون و هەر لەسەنگەردان بۆ نەمانمان!؟

بۆچی بیرناکەینەوە و نایەینەوە هۆش، لەپێناوی چیدا بەربووینەتە گیانی یەکتری!؟

٢٠

کۆمەڵگە بەم شێوەیە بەڕێوە نابرێت:

ئەم تەلاری دەسەڵاتەی باشووری کوردستان بنچینەکەی داڕزیوە، ئەگەر سەرلەنوێ بنچینەکەی دانەڕێژرێتەوە، داهاتووی هەر رووخانە.

چۆن وڵات وا بەڕێوە دەبرێت! لەماوەی ٢٤ ساڵدا چەندین هەزار بازرگان و سەرمایەداری میلیۆنێر و میلیاردێر، بە بێ هیچ زەمینەیەکی مێژوویی بازرگانی و بەبێ هیچ پێشینەیەکی بازرگانیی یاسایی و رەوا و دادپەروەرانە،، پەیدا ببن و بەرامبەر ئەمەش، چەند لەشکرێك لە هەژاران و برسییەکان و بێکاران و منداڵە بۆیاخچی و عەلاگەفرۆشەکان و دەستگێڕان و کرێچییەکان، ژیانێکی مەمرە و بژی بگوزەرێنن. ئەمە چ یاسا و رێسایەکە کە مووچەی ساڵێکی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاساییش و مامۆستایان و فەرمانبەران، کە ساڵانێکی زۆرە خزمەتی میللەت دەکەن، بەرامبەر مووچەی یەك مانگی بەرپرسێکی حیزبی و بەرپرسێکی دەسەڵات و ئەندام پەڕلەمانێك بێت. مانگێك مووچە هەبێت و سێ مانگ نەبێت. بەڵام بەرپرسان و نەوەکانیان لە خۆشترین و باشترین و بەرزترین ئاستدا ژیان بگوزەرێنن! ئەمە تەنها هەر وەك یەك نموونە، ئەگەر بمانەوێت درێژە بە نادادپەروەرییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بدەین، دەتوانین هەزاران نموونەی دیکە ریز بکەین.

ئەمڕۆ میللەت تەواو هۆشیار بووەتەوە و دەستی هەموو کەسان و لایەنە گەندەڵ و دز و تالانچییەکانیش ئاشکرا بووە. دڵنیابن، ئەنجامەکەی باش نابێت بە کارەسات دوای کارەسات کۆتایی دێت، زۆر بەداخەوە.

دەسەڵات و کۆمەڵگە پێویستیان بە گۆڕانکاری بنچینەیی و چاکسازیی گشتییە لە هەموو بوارەکاندا. میللەت هەژارە، بێکارە، نائومێدە، ماندوو و شەکەت و توورە و بێزارە، با ئەو پەندە بەسەر خۆماندا جێبەجێ نەبێت کە دەڵێ: جام پڕ بوو لێی دەڕژێت. جامی میللەت زۆر گەورە و ترسناکە، کە جامی میللەت پڕ بوو دەبێتە لافا و زریان و هەموو شتێك رادەماڵێت!؟

ئێستاش نەچووە بچێت، تکایە با بە هەموو لایەکمان، فریای ئەمڕۆ و داهاتووی باشووری کوردستان بکەوین.

٢١

دوو دەقەری و دوو پەزی:

ئازادی و دیموکراسی، بەمەرجی پاراستنی بەرژەوەندی.....

له ڕاگەیاندنەکانی دەڤەری زەرددا، چی دژی ئێران دەنووسی، ئازادبە و بینووسە، لە ڕاگەیاندنەکانی دەڤەری و سەوز و نیللیشدا، چی دژی تورکیا دەنووسی، ئازادبە و بینووسە!؟ گرنگ ئەوەیە ئەو نووسینانە زیانی بۆ پەزەکانی دەڤەرەکە نییە!؟

٢٢

لە سەیروسەمەرەکانمان:

خۆیان خاوەنی حیزب و کورسی و دەسەڵات و پارێزگار و پاسەوان و بەردەست و خزمەتکار و زەوی و خانوو و ڤێلا و کۆمپانیا و باڵەخانە و هۆتێل و مۆڵ و سوپەرمارکێت و ئۆتۆمبێلی گرانبەها و مووچەی زۆر و موفتی بوودجەی میللەتن، کەچی بە لاوانی بێکار و بێ پارە و نائومێد و بێ چارەنووس دەڵێن کە نیشتمان بەجێنەهێڵن و بمێننەوە، بەڵام هیچ کەسیان ئامادە نەبوون و نین کە مووچەی مانگێکی ساڵێکی خۆیان ببەخشن بە هەژارێکی ئەو میللەتە هەژار و ستەملێکراوە!؟

هەموو (شتێك) بۆ خۆیان، (هیچ)یش بۆ میللەت!؟

٢٣

کورد وەك نەتەوە و کوردستان وەك نیشتمان، بێ سەرۆك و بێ ڕێبەری نەتەوەیی و نیشتمانییە.

تاك لەمێژوودا هەمیشە بە هەر دوو بارە چاك و خراپەکەیدا نەخشی گەورە و گرنگ و کاریگەری هەبووە. تاکی دڵسۆز و هۆشیار و ژیرمەند، دەتوانێت دەوروبەرەکەی خۆی بگۆڕیت. تاك دەتوانێت سەرکردە بێت و سەرکردایەتی هەزاران و میلیۆنان مرۆڤ بکات و بەرەو ئەو ئاڕاستەیەیان ببات کە خۆی مەبەستێتی، هەربۆیە گرنگە و دەبێت سەرکردە دڵسۆز و هۆشیار و ژیرمەند بێت تا میللەت بەرەو خراپکاری و دوواکەوتن و هەڵدێری تێشکان و کارەسات نەبات. سەبارەت بەم پرسە گرنگە، لە ئێستادا نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی بێ سەرکردە و ڕێبەری نەتەوەییە. ئەوانەی کە ئەمڕۆ لە جیهانی سیاسەتی کوردستاندا بەناوبانگن و وەك سیاسەتپیشە ڕێبەری و سەرکردایەتیی خەڵکانێکی زۆر دەکەن، هەر هەموویان سەرکردە و ڕێبەری سیاسی و حیزبین و سەرۆکی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان نین. هیچ کەسێك بە بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانی لایەنگرەکانی نابێت بە سەرکردە و ڕێبەری نەتەوەیی و نیشتمانی، سەرۆك و ڕێبەری نەتەوەیی و نیشتمانی، مێژوو دروستی دەکات و دەبێت بەرهەمی مێژوو بێت، نەك بەرهەمی میدیا و بانگاشەی سیاسی. ئەمڕۆ دەبێت ئەو ڕاستییەش تێبخوێندرێتەوە کە ئێمەی کورد نەتەوەیەکی ژێردەستە و دابەشکراوین و نیشتمانەکەشمان هەر دابەشکراوە و ئێمە نەتەوەیەکی یەکگرتوو و خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانێکی یەکپارچە و سەربەخۆی خۆمان نین. هەر بەشێکی کوردستان، چەندین پارتی سیاسی خۆی هەیە و ئەو پارتە سیاسییانە سەرۆك و ڕێبەری تایبەتیی خۆیان هەیە، بەڵام هیچ کامیان سەرۆك و ڕیبەری نەتەوەیی کورد و نیشتمانی کوردستان نین. لە ئێستادا کورد نەتەوەیەکی بێ سەرۆك و بێ ڕێبەرە.

٢٤

میللەت و سیاسەتمەدار:

شتێکی سەیرە، زۆربەی زۆری سیاسەتمەداران، کە دەچنە سەر کورسیی دەسەڵات، تەنها هەر بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەنەوە، ئیتر نەتەوە و نیشتمانیان لەبیردەچێتەوە. ئەگەر ئامانج لە سیاسەت کردن، هەر ئەمە بێت، میللەت پێویستی بە هیچ سیاسەتمەدارێک نییە.

٢٥

٣ کۆمێنت لەسەر کورد و کوردستان:

- تێرۆریست ئەندام پەڕلەمانە و نوێنەری میللەتە و لەهەمانکاتیشدا نوێنەری مافی مرۆڤە!؟

- مووچەی یەك مانگی ئەندام پەرلەمانێك و وەزیرێك و ئەندامی سەرکردایەتیی پارتێکی سیاسیی دەسەڵاتدار، زۆرترە لە مووچەی یەك ساڵی مامۆستایەك و فەرمانبەرێك و پێشمەرگەیەك و پۆلیسێك و ئاساییشێك!؟

- کوشتنی کچان و ژنان بۆ تۆڵەکردنەوەی ئابڕووی لەدەستچوو، بەپێی یاساکانی ئایینی ئیسلام ڕێگەپێدراوە و تێرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانیش بەپێی یاساکانی جەنگەڵ، ئازادە و هیچ لێپرستنەوەیەکی یاساییان لەسەر نییە!؟

- یاسا هەیە، بەڵام تەنها هەر بەسەر کەسانی هەژار و بێ دەسەڵاتدا جێبەجێ دەکرێت!؟

- ڕاوی پەلەوەر و ئاژەڵەکان یاساخە، بەڵام بازاڕی چەك و تەقەمەنی، ئازادە!؟

- بەرهەمە پیشەسازی و کشتوکاڵییە خۆماڵییەکان، تۆوپڕ بوون و هەموو پێداویستییەکانی ژیان لە دەرەوە هاوردە دەکرێن و نرخ و بازاڕیش ئازادە و هیچ سانسۆرێکیان لەسەر نییە!؟

٢٦

حیزبایەتی و کوردایەتی:

پارتەکانمان، جاران لە سەربازگە دەچوون، بەڵام ئێستا شێوەی کۆمپانیای بازرگانییان وەگرتووە.

ئاگاداربن:

- حیزبایەتی کردن، دۆستی کاتی و دوژمنی هەمیشەییتان بۆ دروست دەکات!؟

- ئەگەر هەموو ژیانت لەناو حیزبێکی کوردیدا بە پاکی و دڵسۆزیشەوە بەسەر بردبێت، هەر کە ڕەخنەت لە هەڵەکان و کەموکورییەکانی حیزب و سەرکردە و سەرکردایەتییەکەی گرت، یان فەرمانێکی حیزبیت ڕەتکردەوە، خۆ ئەگەر تڕۆ یان تێرۆر نەکرێیت، ئەوە بەڵنیاییەوە، رابووردووی حیزبی و کوردایەتیت، دەبێتەوە بە سفر!؟

هەربۆیە، کوردایەتی کردن، لە حیزبایەتی کردن، پێویستر و گرنگتر و باشترە.

٢٧

یاسا:

ئەگەر یاسا لە باشووری کوردستاندا هەبووایە و سەروەر بووایە، واتە وەکو خۆی جێبەجێ بکرایە، نە کێشەی سەرۆکایەتی و نە کێشەی حیزبایەتی و نە کێشەی سوڵحی عەشایەریمان دەبوو.

٢٨

وا پڕوات، ئاژاوە و هەرەس بەڕێوەیە:

زۆر وتراوە و زۆر نووسراوە، زۆر دەوتریت و زۆر دەنووسرێت، بەڵام زۆر بەداخەوە، بێ کەڵك و بێ ئەنجامە!؟

رۆژانە، ئەوەی دەیبینین و دەیبیستین، رەنگ لە ئەوپەڕی نارەزایی زۆربەیەتیی جەماوەر دەدەنەوە. ئێتستا خەڵك، بەتایبەتی مووچەخۆرانی فەرمانگەکان، گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و ئامۆژگەکان، بێکاران، کرێجییەکان، هەژاران و بەشمەینەتەکان، تووڕە و بێزارن لە حیزب و لە بەرپرس و سەرکردە و سەرکردایەتییەکانی حیزبەکان و لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی، دەمە داخراوەکانی جاران، ئێستە زۆربەیان کراونەتەوە و رەخنە دەگرن و نەفرەت دەبارێنن. پێنووسە کەنارکەوتووەکان، ئێستا چالاکن و دەنووسن. بە گشتی خەڵکی هەمووی گلەیی و رەخنە و نەفرەتی تایبەتیی خۆی بەیان دەکات، کێشە سەرەکییەکەش ئەوەیە، حیزب و بەرپرسان و دەسەڵاتداران، لە میللەت داڕاون و ئاگایان لە میللەت نییە، یان نایانەوێت ئاگایان لە بارودۆخی ژیان و بیرکردنەوی میللەت بێت!؟

با میللەت وەکو دواهەمین، هۆشداری پێیان بڵێن: ئاوڕێك لە چارەنووسی ستەمکار و دیکتاتۆرەکانی مێژوو بدەنەوە، ئیتر خۆتان تێبگەن؟

٢٩

خەڵکی سادە، بیرۆکەی سادەیان هەیە، بەڵام بەناوەڕۆك:

کە لە کوردستان بووم، مامە پیرەیەکی نەخوێندەوار، بەشداریی کرد لە گفتوگۆیەکماندا کە باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیمان دەکرد، هەر یەکەمان شتێکی جیاوازی دەوت، بەشداربوویەك وتی لەم هەلومەرجەدا، هەڵگرتنی بەردی سەنگین، نیشانەی نەهاویشتنیەتی!؟ مامە پیرە بێدەنگییەکەی شکاند و وتی، رۆڵەکانم، راستە ئێمەی کورد نایێت دەم بۆ پاروویەك ببەین کە پێمان هەرس نەکرێت، بەڵام خۆ لە هەموو کات و سەرەمێکدا دەتوانین گازێك لەو پاروە بگرین و کوتە کوتەی بکەین و ئینجا بیخۆین، بەراستی وتەیەکی زۆر جوان و زۆر پرمانا و ژیرانە بوو.

٢٤ ساڵە ئازدا و نیوە سەربەخۆین، کەچی نەمانتوانی و نەمانویست تەنها گازێکیش بگرین!؟

٣٠

لە سەیروسەمەرەکانمان:

کارەسات دوای کارەسات!؟

٢٤ ساڵە، زۆرتر لە پێنج میلۆن کوردی باشوور، گیرۆدە بوون بە دەست چەند سەد بەرپرسێکی حیزبییەوە و بە بەرچاوی ئەم چەند میلۆنەوە، داهات و بوودجە و سامانی سەرزەوی و ژێرزەویان بە تاڵان دەبەن و دەیانچەوسێننەوە و دەیانکوژن و بەیەکتری بەکوشتیان دەدەن و شاربەدەر و وڵاتبەدەریان دەکەن، لە هەژاری و کرێچێتی و بێ کارەبایی و بێ ئاوی و بێ سوتەمەنی و بێ خزمەتگوزاریی پێویست و لە نەزانی و نەخوێندەواری و بێ ئاگاییدا هێشتویاننەتەوە، کەچی لەبری بیرکردنەوە و دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ رزگار بوون و باشترکردنی ژیانی خۆیان، تەنانەت زەمینەخۆش کردن و داواکردن لە کوردانی تاراوگەنشینیش بۆ گەڕانەوە بۆ ناو دایکی نیشتمان، کەچی بە لێشاو، بەتایبەتی لاوەکانمان، نیشتمان و مێژوو و هەموو شتێکی خۆیان بەجێدەهێڵن و روو لە هەندەران و چارەنووسی نادیار دەکەن!؟

٣١

میللەت و سەرۆك:

لە مێژوودا رووی نەداوە کە میللەتێك پێویستی بە سەرۆکێك هەبوو بێت بۆئەوەی پیێ بگوترێت (میللەت)، بە پێچەوانەوە هەموو سەرۆکێك پێویستی بە میللەتێکە بۆئەوەی پێی بگوترێت (سەرۆك).

٣٢

باشووری کوردستان، شکارگە و بەهەشتی پزیشکەکان و ئەندام پەرلەمانەکان و کادرە حیزبییەکانە:

لە وەڵامی پرسیارێکدا، بە دانسازێکی هۆڵەندیم وت، دانسازان و بە گشتی هەموو پزیشکەکانی ئێمە لە باشووری کوردستاندا، نەك هەر باجی کار و پارەپەیدا کردن نادەن بە میری، بەڵکو میری، لە باشترین شوێن و تەنانەت شوێنە سەیرانگەییەکانیشدا، پارچە زەوییان بە پڕی ٣٠٠ م تا ١٠٠٠ م بە دیاری پێشەکەشیان دەکات. ئیتر دانسازەکە کەمێ مات بوو و سەرێکی بادا و وتی تێناگەم ئەمە بۆ چی وایە، وتی رەنگە پزیشکەکانتان زیاد لە پێویست خۆیان ماندوو بکەن و بە خۆرایی بۆ هەژاران خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بکەن، بەرامبەر بەوە پاداشت دەکرێن!؟ دیسان لە وەڵامدا وتم، رەوشەکە دروست بە پێچەوانەی ئەمەوەیە کە بەڕیزتان بۆی چوون!؟ ئیتر وتی وازی لێبێنە، من وەکو دانسازێکی ئەم وڵاتە ناتوانم لەوە تێبگەم، لێرە کاری خۆم دەکەم و باجی پێویست بە میریی خۆم دەدەم.

٣٣

زۆر وترا و زۆر نووسرا و هیچ نەکرا:

ئەوە ماوەی ٢٤ ساڵە بە هەزاران نووسەر و رۆشنبیر و رەخنەگر و چاکەخواز و گۆڕانخواز و چاکساز و خەمخۆری ئەم میللەت و وڵاتە، بە چەندین شێوە و شێواز، لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی و سەرۆك و سکرتێر و سەرکردە و سەرکردایەتییەکانی پارتە کوردی و کوردستانییەکان دەپاڕێنەوە، پێشنیازیان بۆ دەکەن، بیرۆکەیان پێشکەش دەکەن، کە هەتا کار لەکار نەترازاوە و نەگەیشتووینەتە بنبەست، تا دووچاری هەرەس و تێشکانێکی دیکە نەبووینەتەوە، سنوورێك بۆ گەندەڵی و دزی و تاڵانچێتی و نادادپەروەری دابنێن و بیرێك لە باشترکردنی ژیانی ئەم میللەتە هەژار و بێچارەیە بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە نەیان بیست و نەیانبینی و هیچیان نەکرد و هیچیان نەگۆڕی، خراپ خراپتر بوو، خراپتریش بوو بە خراپترین، ئیتر ئەگەر ئەم بارودۆخەی ئێستا هەروا پڕوات و بەردەوام بێت، دەبێت ئاو بێنین و دەست لە چارەنووسی خۆمان بشۆین!؟

٣٤

حیزبایەتی و سیاسەت:

- سیاسەت کردن، دۆستی کاتی و دوژمنی هەمیشەییت بۆ دروست دەکات.

- یەکێ لە لایەنە خراپەکانی پارتە رامیارییەکان ئەوەیە کە لەپێناوی بەرژەوەندیی کاتیی خۆیاندا، کەسانی بچووك گەورە دەکەن و بەردەوامیش دژایەتی و دوژمنایەتیی ئەو کەسایەتییە گەورانە دەکەن کە سەر بەوان نین!؟

٣٥

پارتی لە دەڤەری سلێمانی و یەکێتی لە هەولێر و بادینان:

ئەمە راستیی بارودۆخە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەمانە: باشووری کوردستان ماوەی ٢٤ ساڵە بە کردەوە دابەش بووە بەسەر دوو بەڕێوەبەرێتی و دوو دەسەڵاتی لێکجاوازی نەیاری یەکتریدا، ئایا باشتر نییە بۆئەوەی کێشە و ئاژاوە دروست نەبێت، هەر لایەك لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا، سەرۆکێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت و کۆتایی بە کێشەی سەرۆکایەتی بهێنرێت!؟ ئەگەر ئەمەش نەکرا، هەوڵ بدرێت ئەنجوومەنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان و چەپەکان و نەتەوەییەکان پێکبهێنرێت و بە کۆدەنگی و هاوئاهەنگی، پێکەوە باشووری کوردستان بەڕێوە ببەن. ئەمە بۆ هەمووان باشترە و ڕێگا لەو تاکپەرستییەش دەگیرێت کە گەورەیی نەتەوەیەك لە تاکە کەسێکدا بچووك بکرێتەوە!؟

ئەمە کورتە وەڵامێکە بۆ ئەو بەڕێزە پارتی و یەکێتییانەی کە هەر نووسینێك لە بەرژەوەندیی لایەنەکەی خۆیاندا نەبێت، بە ئاژاوەگێری تۆمەتباری دەکەن!؟

زۆر لەمێژە میللەت بەوە ڕاهاتووە و رازییە کە هەر یەکەتان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەر وەکو رابووردوو، بە تاکڕەوی، بەڵام بە دادپەروەرانە کاروباری خۆتان و ژیانی میللەت بەڕێوەبەرن، بەڵام جارێکیتر هەرگیز بیر لە شەڕی ناوخۆ نەکەنەوە و لەگەڵ یەکتردا، هەر دوور و دۆستبن. ئەمە لە ئێستادا باشترین چارەسەرە بۆ هەر دوو لاتان و بۆ میللەتیش.

پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە سلێمانی چەند بارەگایەکیان هەیە. چەند بنەماڵەیەکی کۆنی شارەکەش هەر ماون کە بەهۆی ئەو ڕێز و خۆشەویستییەوە کە بۆ بارزانیی نەمر هەیان بووە و هەیانە، کەمێک سۆزیان بۆ پارتی ماوە. بەڵام شتێک بوونی نییە لەناو خەڵکی خۆجێیی سلێمانیدا کە ناوی ڕێکخستنەکانی پارتی بێت. پارتی لە سلێمانی میوانێکی کاتی و نەخوازراوە. خۆیشیان ئەم راستییە زۆر باش دەزانن. لە ئێستاش و لە داهاتووشدا، هەتا یەکێتی لە سلێمانی باڵا دەست بێت، پارتی هەرچی بۆ سلێمانی بکات و هەر دامەزراوێکیتر لە سلێمانی، بە هەر ناوێکی دیکەوە دابمەزرێنێت، بێ ئەنجام دەبێت و هەر کات کوشتن و زەرەر لەخۆدان دەبێت و هیچیتر.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جەماوەری لە هەولێر هەیە، لە بادینانیش هەموو ئەو کەسانەی کە دژ و دوژمنی پارتین، بەناچاری لایەنگریی لە یەکێتی دەکەن. بەڵام نە ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کە لە سلێمانی بەناوی پارتییەوە هەن، دەستیان دەڕوات و نە یەکێتییش لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتییدا دەستیان دەڕوات. ئەمە راستیی بارودۆخی سیاسیی و سەربازی و کارگێڕیی باشووری کوردستان بووە لە ساڵانی رابووردوودا و ئێستایش هەر هەمان شتە! ئیتر بۆ هەردوو لاتان وا باشترە هیچ کەسێکی دەرەوەی ڕێکخستنەکانی خۆتان، بە ئاژاوەگێر تۆمەتبار نەکەن.

٣٦

وا دیارە، پارتی و یەکێتی و گۆڕان، هەرگیز دڵیان لەیەکتری پاك نابێتەوە:

بەبێ ناوهێنان: بەر هەر شتێک، با لێرەدا لاپەڕەکانی رابووردووی بزووتنەوەی چەکدارانە و سیاسیی کورد و کوردستان هەڵنەدەینەوە و باسی شەڕ و کارەساتەکانی یەکتر کوشتنی رابووردوو نەکەین و هەر تەنها لە هەلومەرجی هەنووکەیی بدوێین.

ئێوە سەرنجی ئەو هەموو وێبسایت و لاپەڕانەی ناو ئینتەرنێت و بەتایبەتی ناو فەیسبووک بدەن کە هەر یەکەیان بەناوی پارتی یان یەکێتی و گۆڕان یان ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی پارتی و یەکێتیی و گۆڕانەوە، یان بەناوی دۆستان و لایەنگرانی فڵان بەرپرسی پارتی و یەکێتی و گۆڕانەوە، ڕۆژانە خەریکی بابەت بڵاوکردنەوەن، بە دەگمەن دەبینینی بابەتێک دژی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاب بڵاو بکەنەوە، هەر هەموویان خەریکی دژایەتی و دوژمنایەتی و سووک و ریسواکردنی یەکترن، شایانی باسە لە هیچ درۆودەلەسە و تۆمەت و بوختانێکیش بەرامبەر بە یەکتری باکیان نییە و گشت شێوە و شێواز و هۆ و هۆکارێك بۆ شکاندن و زیان بەیەکتر گەیاندن بەکار دەهێنن. بۆ نەگبەتیش، تاک و تەرا کەسانی نەتەوەیی و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر دەبینین کە ڕۆژانە چەند بابەتێکی کەم دژی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان بڵاو دەکەنەوە کە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە دەبووایە بکرایە، ئەمیش لە ریزی

نەبووندایە. بەرامبەر هەموو ئەمانەش، ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکانیش، بەردەوام هەر خەریکی دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی بیری نەتەوەیی کوردی و سڕینەوەی هەست و هۆش و گیانی کوردایەتین و بەردەوام هەرخەریکی سووکایەتی کردن و بێ ڕێزی کردنن بە پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان. پارتی و یەکێتی و گۆڕان و سەرانی دەسەڵاتی کوردیش دووربەدوور دۆش داماون و هیچ هەڵوێست و کاردانەوەکیان نییە. ئەم ئیسلامییە سیاسییە دروستکراوانە، هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکیان لەپێناوی بەعەرەبکردنی کورد و خزمەت کردنی عروبەدایە و بۆ بە پاشکۆ کردنی کوردستانە بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و بە دەوڵەتە عەرەبییە ڕەگەزپەرست و دواکەوتووکانەوەیە. دەی باشە وڵاتێک ئەمە بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی بێت و ئەم سێ گەورە هێزەی کورد(پارتی و یەکێتی و گۆڕان)، بەڕێوەی بەرن و ئەمەش بیرکردنە وە و هەڵسووکەوتی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانیان بێت و خاوەنی ئەم پەروەردە و فێرکارییە حیزبییە تەسکەبن، ئیتر چاوەڕوانی چ کوردایەتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییەکیان لێدەکرێت، چاوەڕوانی چ ئازادی و دیمۆکراسی و پێشکەوتنێک لەم باشووری کوردسانەمان بکەین!؟ ئیتر چ هیوا و ئومێدێکمان بە تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و هاوکاریی یەکتری هەبێت، چۆن بتوانین دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆمان دروست بکەین!؟

٣٧

هەتا نەبینە خاوەنی ئەم جۆرە پارتە و ڕێکخستنە شۆڕشگێڕە، بەتەمای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی مەبن:

لە سەرەتا بنچینەییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەوە:

- ئەمە سەرەتایەکی بنچینەییە: نەتەوەیەک کە نیشتمانەکەی داگیر و دابەش کرابێت و ژێردەستەی ڕەگەزپەرستان و زۆرداران و تاڵانچییەکانی نەتەوە باڵادەستەکان بێت، نەتەوەیەک کە خاوەنی ئازادیی نەتەوەیی و دەوڵەتی سەربەخۆی نیشتمانیی خۆی نەبێت، لەلایەن دەوڵەتانی دیکتاتۆر و زۆردار و ڕەگەزپەرستانەوە بچەوسێنرێتەوە و هەمیشە لەبەر شاڵاوی تواندنەوە و نەماندا بێت، نەتەوەیەک لەم هەلومەرجە سەخت و دژوارەدا بێت، پێویستی بە هەبوونی پارتێکی شۆڕشگێری بەدیسپلینی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز هەیە کە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمان لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوە دابنێت و بە هیچ شێوەک هیچ سازان و ڕێکەوتنێک لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەگەڵ هیچ دوژمن و داگیرکەرێکدا نەکات. پارتێک بێت هەڵگری بیروباوەڕ و پەیام و درووشمی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە و مرۆڤپەروەرانە بێت و لە هەموو ڕەگەز و ئاستەکانی کۆمەڵگەدا، لە دڵسۆزترین و هۆشیارترین و تێکۆشەرترین و کۆڵنەدەرترین ڕۆڵەکانی پێکهاتبێت و باوەڕی تەواویان بە ڕەوایی مەسەلەکەیان و بە خەباتی شۆڕشگێڕانەیان و بە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەیان هەبێت. تەنها هەر پارتێکی لەم شێوەیە کە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا هەبێت و لەسەر ئەم بنچینانە پێکهاتبێت، بەم ڕێبازە ڕاست و ڕەوا و شۆڕشگێڕانەیە، دەتوانێت هەموو جەماوەر بەرەو کۆڕی تێکۆشان سەرکردایەتی بکات و بەرەو ئازادیی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیشتمانییان بەرێت و داهاتوویەکی پڕ لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و ئاشتی و خۆشگوزەرانیان بۆ مسۆگەر بکات.

٣٨

ڕێکخستنی سیاسی یان کارخانەی بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتی سیاسی!؟

ڕێکخستنی سیاسی دەبێت لە کەسانی خاوەن بیروباوەڕ و هۆشیار و پێشڕەو، پێکبێت، ڕێکخستنی سیاسی خۆی ئامانج نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ هۆشیارکردنەوە و خزمەت کردن و پێشڕەوی کردنی جەماوەر بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو. بەداخەوە ئەم هاوکێشەیە لە باشووری کوردستاندا، ڕێک بەپێچەوانەوەیە، جەماوەر و کێشەی ڕەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد خراونەتە خزمەتی چەند پارت و بنەماڵە و چەند کەسێکی بەرپرس و سیاسەتمەداری سەرمایەدارەوە. ئەمە کێشەیەکی گەورە و چارەسەرنەکراوە و هەتا ئێستا کورد بەم هاوکێشەیەوە گرفتارە و دەناڵێنێت. ڕێکخستنە سیاسییەکانی باشوور، گەورە و بچووکیان، لەبری ئەوەی نوێنەر و داکۆکیکاری کێشەی ڕەوای کورد و کوردستانبن، بەپێچەوانەوە تەنها هەر نوێنەر و پارێزەری بەرژەوەندییە بنەماڵەیی و حیزبی و سیاسی و کەسێتییەکانی خۆیانن، ئەمان کورد و پرسی ڕەوای کورد و کوردستانیان بۆ خۆیان بەکار هێناوە و ئێستایش هەر بۆ خۆیان بەکاری دەهێنن و بازرگانییان بە فرمێسک و خوێنی هەزاران کوردەوە کردووە و دەیکەن. ئەم پارتانە لەبری ئەوەی کەسانی هۆشیار و کادری نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر بەبەرهەم بهێنن، هەزاران ڕۆبۆتی سیاسیی جڵەوکراویان بە بەرهەم هێناوە. ئەم ڕۆبۆتانە بە چاکی و بە خراپی و لە هەموو سەردەم و بۆنە و ڕووداوێکدا هەر لایەنگری سکرتێر و سەرۆك و سەرکردایەتییەکانیان، بە داریاندا دەدەن، بە بەردیاندا دەدەن، شەڕی یەکتریان پێدەکەن، بە یەکتر بەکوشتیان دەدەن، شەڕی ڕاگەیاندن و بوختان بۆ یەکتر دروست کردن و جنێو بەیەکتردانیان پێدەکەن، ماڵی یەکتریان پێ تاڵان دەکەن، هانیان دەدەن هەرچی بێ ڕێزی و سووکایەتییە بە یەکتری بکەن، کەچی هەر ملکەچ و هەر ڕازی و بێدەنگ و فەرمانبەردار و جێبەجێکەرن. بە بکوژ و کوژراویان دەکەن، کەچی پاشان کەسێکیان ناپرسن و ناڵێن، ئەو تاوانانەتان بۆ چی پێکردین، لەپێناوی چیدا بوو، لەسەر چی بوو، بۆچی سەرەنجام خۆتان ئاشت دەبنەوە و وەک نە باتان بینیبێت و نە باران؟! ئەم دەنگ و ڕەخنانە هەرگیز لەلایەن ئەو ڕۆبۆتە سیاسییانەوە بەرز نابنەوە و ئاڕاستەی سکرتێر و سەرۆك و سەرکردایەتییەکان ناکرێن!؟ سەرکردایەتییەکانیان هەرچی بڵێن و هەرچی بنووسن و بکەن، ئەمان هەر ڕازین و پشتیوانییان دەکەن و لایان پەسەندکراوە. ڕەشیان لێ دەکەن بە سپی و سپییان لێ دەکەن بە ڕەش، ئەمان هەر ڕازین و بێ دەنگن و کوێرن!؟ بە کورتییەکەی سەرکردایەتیی حیزبەکانیان، هەرچییان بوێت پێیان دەکەن و بەسەریاندا دەهێنن، ئەمان هەر ڕەدوویان کەوتوون و هەر ڕەدوویان دەکەون، هەر ڕۆژەی بەڵێنێک بەم ڕۆبۆتانە دەدەن و هیچیشی جێبەجێ ناکرێن، بەڵام ئەمان هەر ڕازی و بێ دەنگن. چونکە ئەمان ڕۆبۆتی سیاسین و توانای بیرکردنەوە و بڕیاردانی سەربەخۆیان نییە، ئەو توانایەیان تێدا نەهێشتوون. خاوەنی کەسێتیی خۆیان نین و وەکو داشی دامە بە هەموو لایەکدا و بۆ هەموو مەبەستێک دەیانجوڵێنن، دەیانهێنن و دەیانبەن، ئەمان هەر ملکەچ و فەرمانبەردارن. چونکە ڕۆبۆتی ئامادەکراون و ئامادەی جێبەجێ کردنی هەموو ئەرك و فەرمانێکی سکرتێر و سەرۆك و سەرکردایەتییەکانیانن. کێشەیەکی تریش ئەوەیە کە ئەو سەرۆك و سکرتێر و سەرکردایەتییانەش، بۆ مانەوەی کورسی و دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان، پابەند و ملکەچی فەرمانەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانن، ئەمانیش لە هیچ بڕیار و سیاسەت و کار و کردەوەیەکینادا، ئازاد و سەربەخۆ نین. ئەمانیش هەر فەرمانپێکراو و جێبەجێکەرن. هەربۆیە ئێمەی کورد ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵانەی تێکۆشان و خوێنڕژان و کوشتار و ماڵوێرانیمان، لەباتی ئەوەی خاوەنی یەک لەشکر کادری نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر و هۆشیار و تێکۆشەر و ڕەخنەگر و خاوەن کەسایەتی بووینایە، کەچی خاوەنی یەک لەشکر ڕۆبۆتی سیاسیی ملکەچ و فەرمان جێبەجێکەرین، ئەگەر ئەم ڕەوتە سیاسییە، هەروا بێ هیچ گۆڕانکارییەك بەردەوام بێت، ئێمەی کورد، هەتا هەتایە بەهۆی ڕۆبۆتی سیاسی و کارخانەی ڕۆبۆتی سیاسییەوە، ژێردەستە و ملکەچی بێگانەی داگیرکەر دەمێنینەوە و بێ ئازادی و بێ دەوڵەتی سەربەخۆ، سەردەنێینەوە!؟

٣٩

سیاسەت کردن و پیربوون:

سیاسەتمەدارانی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و خاوەن شارستانێتییەکان کە پیر دەبن، ئیتر دەستبەرداری سیاسەت کردن دەبن و پلەوپایە و ئەزموونەکانی ژیانیان دەبەخشن بە نەوەکانی داهاتوو. ئەمەش دوا خزمەت کردنیانە بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان. بەڵام هەندێك لەوانەی ئێمە بەپێچەوانەوە، کە پیر دەبن و دەگەنە لێواری مردن، لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن سەروەرییەکی مێژوویی بۆ خۆیان تۆمار بکەن، ملکەچی و نۆکەرایەتیی خۆیان بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان نوێ دەکەنەوە، سوێندی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتێکی داگیرکەری بەشێکی نیشتمانەکەیان دەخۆن. هەر لە پێناوی پلەوپایەیەکی ملکەچانە و کورسییەکی لەرزۆک و رزیوی پڕ شەرمەزاری، هەموو بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمانەکەیان، دەخەنە ژێر کورسییە لەرزۆك و رزیوەکەی ژێر خۆیانەوە، سەرەنجام، بەم شێوەیە کۆتایی بە ژیانیان دێت!؟

٤٠

تاکپەرستی و پیرۆزکردنی سەرکردە، هەستی پەستییە و شێرپەنجەیە بۆ کوردایەتی:

- تاکپەرستی مەکەن، کوردایەتی بکەن. بە تاکپەرستی هەر بە ژێردەستەیی و کۆیلەیی دەمێنینەوە، بە کوردایەتی کردن دەگەینە ئازادی و سەربەخۆیی.

پرسی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان، کێشەی ژێردەستەیی و چەوسانەوەی نەتەوەیەکە، کێشەی داگیرکراوی و بەشبەشکراوی نیشتمانێکە، پرسێکی رەوای بەشێکی مرۆڤایەتییە پێش ئەوەی هەر شتێکیتر بێت. کورد بەشێکە لە مرۆڤایەتی و پرسی کورد و کوردایەتیش بەشێتکی گرنگە لە کێشە گرنگ و چارەنووسسازەکانی مرۆڤایەتی. نابێت ئەم پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە مەزنە لە تەنها کەسێیکدا، لە تەنها سەرکردەیەکدا بچووکبکرێتەوە.

کێشەی تاکپەرستی و پیرۆز کردن و بە هەموو شت کردنی تاك بە درێژایی مێژوو کێشەیەکی گەورە و کارەساتبار بووە بۆ کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان. لە رابردوودا چەندین بزووتنەوە و شۆرش و راپەڕینی کوردایەتی بەهۆی تاکپەرستییەوە رووبەڕووی تێشکان بوونەتەوە، بۆ نموونە لە شۆرشەکانی کورددا، سەرکردەی شۆڕشەکە، خۆی تاکە کۆڵەکەی شۆڕشەکە بووە،کە سەرکردە کۆڵیدابێت یان لەناوچوو بێت، کۆڵەکەکە شکاوە، ئیتر ئەوە کۆتایی شۆڕشەکەش بووە، هەر بۆ نموونە، شۆڕشەکانی کورد بە سەرۆکایەتیی ئەمران: شێخ عوبێدوڵای نەهری، بەدرخان پاشا، یەزدانشێر، شێخ سەعیدی پیران سمایلخانی سمکۆی شکاک، ئیحسان نووری پاشا لە ئەرارات، شێخ مەحموودی نەمر لە سلێمانی، بارزانی لە شۆرشی ئەیلوولدا، تەنانەت میرنشینەکان و پارتە کوردییەکانیش لە رابووردوودا هەر هەمان کێشەیان هەبووە، بە کۆڵدان یان نەمانی میر و سەرکردە و سکرتێر، ئیتر چرای هەڵکراوی ئەوانیش کوژاوەتەوە.

دەبێت واز لە تاکپەرستی و بەپیرۆزکردنی تاك بهێنین. کڕنووش بردن و چەمانەوە بۆ تاك، خۆبچووکردنەوە لەبەردەمی سەرکردایەتی و سەرکردەی حیزبدا، بەرزکردنە و هەڵواسینی وێنە و پۆستەرەکانی سەرکردەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆیان لە ژیندا ماون. پەسنکردن و پیاهەڵدانی سەرکردە بە هەموو شێوەکانییەوە. تابووککردنی رەخنە لە سەرکردە و

سەرکردایەتی و بەپیرۆزدانانیان و نابێت کەس بۆی هەبێت مافی رەخنەگرتنی لە سەرکردە و سەرکردایەتیی حیزب هەبێت، یان سەرکردە و سەرکردایەتی هەمیشە بێ هەڵەن، ئەم شتانە خراپ و زیانبەخشن بۆ کورد و کوردایەتی و دەبێت کۆتاییان پێبهێنرێت.

٤١

گرنگ ئەوەیە نەوەی بەرپرسێک بیت!؟

ئایا ئەمە لە سەیروسەمەرەکانی مێژووی ئێمەی کورد نییە، ئەمڕۆ بە دەیان لە پێشمەرگە ئازا و دڵسۆز و گیانلەسەردەستەکانی رۆڵەکانی هەژارانی کورد، گیانی پاکیان بە کورد و کوردستان دەبەخشن، کەچی کەس ناویان نابیستێت و کەس نازانێت کێن و نەوەی کێ بوون، بەڵام کە نەوەی بەرپرسێکی دەسەڵاتدار، بۆ خۆنیشاندان و وێنەگرتن سەردانی بەرەکانی شەڕ دەکات، لە زۆربەی میدیاکانی کوردستاندا باسیان دەکرێت و نیشان دەدرێت و دەیکەن بە کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و پاڵەوانی نەتەوەیی!؟ ئای، میدیای کوردی چی کارەساتێکە و چی کارەساتێک دروست دەکەن!؟

٤٢

ئێمەی کورد ئەگەر بمانەوێت ئازاد و سەربەخۆ بین، دەبێت بیروباوەڕی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد و کوردستان لەسەروو هەموو شتێکی دیکەوە دابنێین.

رەخنە گرتن مافی هەموو کەسێکە، مافی هەموو لایەنێکە. ئێمە لە رووی دڵسۆزی و خەمخۆری و بەپەرۆشیمانەوە رەخنەی دروستکارانە و چاکسازانە لە پارتە سیاسییەکان و لە دەسەڵاتی کوردی دەگرین، لەبەر ئەوەی ئەو پارتانە و ئەو دەسەڵاتە، هی خۆمانە و بەناوی ئێمەوەیە و بەناوی میللەتەوە کار دەکەن و باشووری کوردستان بەڕێوە دەبەن. مافی خۆمانە لە ئێستا و لە داهاتووشدا هەر هەڵە و کەموکوری و گەندەڵی و نادادپەروەرییەک هەبێت، رەخنەیان لێبگرین و لە بەرامبەریشدا، لە رەخنە و گلەیی چەند کۆیلەیەکی حیزبی و چەند رۆبۆتێکی سیاسیی قورمیشکراویش ناترسین و هەر بەردەوام دەبین.

بەختیاری شەمەیی

٢٠١٥/١٠/٢٢